


# پرسی ڕۆشنگەریی تزڤیتان تۆدۆرۆف، ڕێجی دۆبرێ

**هاشم سالّح**

**له عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد**

**یەکەم_ تۆدۆرۆف و ڕۆحی ڕۆشنگەری:**

(تزڤیتان تۆدۆرۆف)ی بە ڕەگەز بولگاری و خاوەن ڕەگەزنامەی فەرەنسی و نیشتەجێی ئەو وڵاتە، بە یەکێک لە گەورە بیریارانی ئێستای فەرەنسا دادەنرێت.

لە دواین کتێبیدا دەربارەی ڕۆحی ڕۆشنگەری ئەم پرسیارە دەکات و دەڵێت: (دوای پایانی ئایدیۆلۆژیا

# (تۆدۆرۆف) پێی وایە یەکەمین شت کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئازادیانکرد، پرۆسەی زانین و مەعریفە بوو

یۆتۆبییەکانی وەک مارکسیزم و کۆمۆنیزم و کەپیتالیزم، چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟ لەسەر چ زەمینەیەکی فیکری و ئەخلاقی دەتوانین بوون یاخود ژیانی هاوبەش دروست بکەین؟). بە بۆچوونی ئەو تەنها هیومانیزمی فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەباریدایە وەڵامێکی پەڕاوپڕی ئەو پرسیارە بداتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە سەرقاڵی تاوتوێکردنی فەلسەفەی ڕۆشنگەرییە، ئەو فەلسەفەیەی لە سەدەی هەژدەدا هاتە ئاراوەو سەردەمی مۆدێرنی عەلمانی لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیی جیاکردەوە.

(تۆدۆرۆف) پێی وایە خەسڵەتی سەرەکیی پرۆژەی ڕۆشنگەری بریتی بوو لە ئازادکردنی مرۆڤ لە دەست دێوەزمەی تیۆلۆژیای کۆن،/ بۆ خاتری ئەوەی بتوانێت بە عەقڵی خۆی و بە دوور لە هەر فشارێکی دەرەکی بیربکاتەوە. بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر، ئەمە دەبێتە مایەی جەنگی نێوان فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری و پیاوانی ئایینی.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا جڵەوی تەواوی کۆمەڵگەی لەدەستدا بوو. نەک تەنها دەسەڵاتی ڕۆحی، بەڵکو خاوەنی دەسەڵاتی دنیایش بوو. لێرەوە فەیلەسوفان هەوڵێکی زۆریان بە خەرج دا بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەست دەربهێنن.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، کەسانی کافر و بێ باوەڕبوون! نەخێر، ئاقارێکی بەرفراوانیان ئیمانداربوون، بەڵام بە شێوازێکی ئەقڵانیی فەلسەفی، نەک بە شێوازی تەقلیدیی تیۆلۆژی. دیارترین نموونەشیان (ڤۆلتێر و ڕۆسۆ و کانت و کەسانی دیکەبوون).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤایەتی لە ئیمانداریییەکەوە گواستویەتییەوە بۆ ئیمانداریییەکی دی، یاخود دەستبەرداری تێگەیشتنێکی دیاریکراوی ئایین بووە، بۆ خاتری تێگەیشتنێکی جیاوازتر.

بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، ئامانجیان لێدان نەبوو لە لایەنی ڕۆحی ئایین و بیرۆکەی تەعالی و بیروباوەڕی مۆڕاڵی ئەم یان ئەو ئاین، بەڵکو دەیانویست دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی کەم بکەنەوەو جیاکاری بکەن لە نێوان کایەی سیاسی و کایەی ئاییندا و نەهێڵن سستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەبی دروست بێت، یاخود بیروباوەڕی دەمارگیری ڕەواجی پێ بدرێت و وەک شتێکی موقەدەس بەرگریی لێ بکرێت!

بە واتایەکی دی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری مەبەستیان ئافارۆزکردنی ئایین یاخود مەحرومکردنی خەڵکی نەبوو لە ئایینەکەیان، بەڵکو دەیانویست لە دینداریکردندا کراوەترو لێبوردەتر بن. هاوکات مەبەستی سەرەکییان ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پرانسیپی ئازادیی هۆشیاری و ویژدان بچەسپێنن.

تۆ ئازادی بڕواداربیت یان نا.. هەر ئیمانێک بە تۆپزی و زۆرەملێی بوو، بێمانایە.

(تۆدۆرۆف) پێی وایە یەکەمین شت کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئازادیانکرد، پرۆسەی زانین و مەعریفە بوو.. لە سەردەمانی ڕابردوودا ئەوەندە بەسبوو بڵێیت: (مەسیح و ئینجیل وایان وت یان قەشەو باوکانی کڵێسا وا دەڵێن، تا خەڵکی بێ چەندو چون باوەڕت پێ بکەن..) چونکە مەعریفەو زانین لەو سەردەمانەدا تاپۆی پێشینان و پیاوانی ئایینی بوو، بەڵام لە سەردەمی ڕۆشنگەری بەدواوە ئەوانە وەک مەرجەعی باڵای مەعریفە نەمان و ئەقڵ و ئەزموونی زانستی شوێنیان گرتنەوە).

لێرە بەدواوە ئەوەی ئەقڵ بەشێوەیەکی لۆژیکی یان تاقیکردنەوەی زانستی دەیسەلماند، ئەوە

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا جڵەوی تەواوی کۆمەڵگەی لەدەستدا بوو. نەک تەنها دەسەڵاتی ڕۆحی، بەڵکو خاوەنی دەسەڵاتی دنیایش بوو. لێرەوە فەیلەسوفان هەوڵێکی زۆریان بە خەرج دا بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەست دەربهێنن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، کەسانی کافر و بێ باوەڕبوون! نەخێر، ئاقارێکی بەرفراوانیان ئیمانداربوون

## لێکۆڵینەوە

بەڕاست وەردەگیراو گومانی لێ نەدەکرا. بەم پێیە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ئەقڵ بوو بە یەکەمین ئامرازی زانین و مەعریفەو بەمەش جێگەی پێشینان و پیاوانی ئایینی گرتەوە، واتە زانا گەورەکان بوونە مەرجەعییەتی باڵای مەعریفە، نەک پاپاو قەشەو پیاوانی کڵێسا.

لە سەدەی هەژدەهەمدا (ئیسحاق نیوتن) ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاو کاریگەریی لەسەر تەواوی فەیلەسوفان بەجێهێشت، بەبێ جیاوازی. دوای ئەویش لە سەدەی نۆزدەهەمدا (چارلز داروین) هات و هەمان ڕۆڵی هەبوو.

دوای ئەوەی مەعریفە لە دەست دەسەڵاتی غەیب و پیاوانی ئایینی مەسیحی قوتاری بوو، ئیدی دەرگا لە بەردەم سەرجەم دۆزینەوە مۆدێرن و داهێنانە تەکنۆلۆژییەکاندا کرایەوە، وەک: (فیزیاناسی و کیمیاناسی و زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی). بەمجۆرە مەعریفە لە دەست دەسەڵاتی تیۆلۆژیای مەسیحی ڕزگاری بوو، ئەو دەسەڵاتەی بە درێژایی چەندین سەدە سەرکوتی کردبوو. ئەم وەرگۆڕانە وای کرد فەلسەفەی ئەقڵانی باڵادەست بێت، لە کاتێکدا پێشتر خزمەتکارێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی زانستی تیۆلۆژیای کڵێسا بوو.

(تۆدۆرۆف) پێی وایە کۆدێتای مەعریفیی سەردەمی ڕۆشنگەری، سەرەتا تیکۆپێدەرو دواتر بونیادنەر بوو.

تۆ ناتوانیت شتێکی نوێ بونیاد بنێیت، ئەگەر کۆنەکە تێکوپێک نەدەیت. دەربارەی ئەم مەسەلەیە (دیدرۆ)ی فەیلەسوف دەڵێت: (فەیلەسوفی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە کەلەپوری تەقلیدی لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت، بێ گوێدانە ئەوەی خەڵکی سەردەمەکەی چی دەڵێن. ئەوەی بەو کارە هەڵدەستێت، جورئەت دەکات ئەقڵی خۆی بەگەڕ بخات و بە دوور لە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی بیر بکاتەوە).

لەلایەکی دیکەوە فەیلەسوفێکی دیکەی ڕۆشنگەری کە (کۆندۆرسکی)یە دەڵێت: (پێویستە هەموو شتێک مشتوماڵ بکەین و لەبەر ڕۆشنایی ئەقڵدا هەموو شتەکان بدەینە بەر ڕەخنە.. ئەوەی لە باب و باپیران و پێشینانەوە بۆمان ماوەتەوە، نە موقەدەسەو نە بێ کەم و کوڕیشە.. بۆیە دەبێت ڕەخنەیان بکەین و بە ئەقڵ کێشانەیان بکەین. ئەگەر ڕاست دەرچوون ئەوا پەسەندیان دەکەین و گەر واش نەبوو ڕەتیان دەکەینەوە، تەنانەت ئەگەر لەلایەن پاپاو تێکستە پیرۆزەکانیشەوە دەرچووبن).

لای خۆشییەوە (ئیمانوێل کانت) بە چاکترین شێوە باسی لەم مەسەلەیە کردووەو دەڵێت: (سەردەمەکەمان سەردەمی ڕەخنەیەو پێویستە هەموو شتێک بە بیروباوەڕی ئاینیشەوە، ملکەچی ڕەخنەبن). عەلمانییەت بۆخۆی بەرهەمی ڕاست و ڕەوانی ئەم هەڵوێستە رادیکاڵانە بوو.

عەلمانییەت یەکێکە لە خەسڵەتە دیارو گرنگەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری.

ڕۆشنگەری بەبێ عەلمانییەت (واتە بەبێ جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت)، مەیسەر نابێت.

ئایین بواری خۆی هەیەو سیاسەتیش کایەی خۆی، بۆیە نابێت تێکەڵ بە یەکدی بکرێن، چونکە کارێکی وا خراپ بەسەر هەمواندا دەشکێتەوە.. ئایین بۆ ئەوەی پاکیی پیرۆزیی خۆی بپارێزێت، پێویستە بە ماتریاڵ و فرت و فێڵی سیاسی لەکەدار نەکرێت.

کەواتە مێژووی نوێی ئەوروپا لە (ئیراسمۆس) ەوە بۆ (جان جاک ڕۆسۆ)، بریتییە لە مێژووی جیاکردنەوەی دامودەزگا گشتییەکانی کۆمەڵگە لە

# هەموو ئیماندارێك هاووڵاتییە، بەڵام هەموو هاووڵاتییەك ئیماندار نییە بەشێوە تەقلیدییەكەی

كەلەپووری ئایینی مەسیحی بەتێكڕای ئاقارو ئاینزا جیاجیاكانییەوە.

مێژووی ئازادیی تاكەكەسە كە سەدە دوای سەدە لە هەڵكشان و بەرفراوانبووندایە، تا دەگات بە ئەمڕۆ و جیاكردنەوەی كڵێسا لە دەوڵەت و ئینتیمای خێڵەكی لە ئینتیمای نیشتمانیی تێدا دەبینین.

بێگومان هەموو ئیماندارێک هاووڵاتییە، بەڵام هەموو هاووڵاتییەک ئیماندار نییە بەشێوە تەقلیدییەکەی.

لەم سیاقەدا دەتوانین لە توڕەیی (ڕۆسۆ) بگەین لە نامە بەناوبانگەکەیدا، کە ساڵی (١٧٥٦) بۆ (ڤۆلتێر) ی ناردووەو تێیدا دەڵێت: (منیش وەک تۆ توڕەو ناڕازیم لەسەر ئەوەی پیاوانی ئایینی و دەوڵەت خۆیان لە ژیانی تایبەتیمان هەڵقورتێنن.. چونکە ئیمانداری و باوەڕهێنان مەسەلەیەکی شەخسییەو بۆ هیچ کەس نییە لە دنیادا بڕیار لەسەر ژیانی تایبەتیمان بدات.. تەنها خوا خۆی دەزانێت چی لە ناخماندایە، نەک مرۆڤ).. کەواتە ئازادیی بیرکردنەوەو بڕواهێنان، بوو بە خەسڵەتێکی سەرەکیی ئەو سەردەمە نوێیەو بوو بە کرۆکی هەقیقیی ڕۆحی ڕۆشنگەری.

پاشان (تۆدۆرۆف) لە ئاست پرسی ئیسلامدا ئێستێک دەکات و دەڵێت: (فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری و ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتن، لە زووەوە کێشەی ئێمەیان بە تەواوەتی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا یەکلایی کردەوە، بەڵام بەم دواییانە کێشەیەکی نوێ هاتە ئاراوە، کە بەو کێشەیەی پێشوو دەچێت، ئەویش کێشەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامییە. فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیش دژایەتیی مۆدێرنەو عەلمانییەت دەکات و لەگەڵ ڕۆحی ڕۆشنگەریدا لە گیروگازدایە).

هەڵکشانی فێندەمێنتالیزم و تەشەنەسەندنی ئەو تایپە دۆگماو توندڕەوە ئیسلامی سیاسی لە جیهانی هاوچەرخدا (بەو ڕەوەندە ئیسلامییەشەوە، کە لە ئەوروپایە)، ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی گەورەمان دەکاتەوە. ئەم تایپە ئسولییە دژایەتیی بەها مرۆییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەکات، ئەوەش ئەو بەهایانەیە کە لە ئەوروپاو تێکڕای کۆمەڵگە شارستانییەکاندا باڵادەستە.

فێندەمێنتالستەکان بەر لە هەر شت ئازادیی ژنانیان کردووەتە ئامانج. ئەوەتا (هانی ڕەمەزان)ی برای (تاریق ڕەمەزان)و بەڕێوەبەری سەرنتەری ئیسلامی لە جنێف، پاساو بۆ ڕەجمکردنی ئەو ژنانە دێنێتەوە، کە لەگەڵ کەسانی نامەحرەمدا دەست تێکەڵ دەکەن و پەیوەندی دەبەستن. تەنانەت دەشڵێت: (شەریعەتی ئیسلامی بە بەزەییە لەگەڵ ژناندا، چونکە تەنها ئەوکاتە بڕیاری ڕەجمکردنیان دەدات، کە چوارشایەد هەبن لەسەر ئەو پەیوەندییە!). دواتر (تۆدۆرۆف) ئەم پرسیارە دەکات: (ئەگەر هانی ڕەمەزان کە لە ناوجەرگەی ئەوروپاو لە نۆرماڵترین کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دەژی کە سویسرایە، ئەمە قسەی بێت، ئەی ئەبێت ئەوانە چی بڵێن کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و عەرەبییەکاندا دەژین؟ ئایا زۆرینەی ئەوانە وەک ئەم بیرناکەنەوە؟ ئایا ناکۆکی و دژایەتی لەمە گەورەتر لەگەڵ پرانسیپەکانی ڕۆشنگەریدا هەیە؟).

کەواتە دەبێت ئیسلام شۆڕشێکی ڕۆشنگەرانە لە ناوخۆیدا ئەنجام بدات، وەکی ئەوەی لە سەدەی هەژدە بەدواوە لەناو ئایینی مەسیحیدا ڕووی دا. ئەمە ڕاستییەکەو نکوڵیی لێناکرێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی تاوی سەندووەو پریشکی ئەم ئاگرە بەر ئەو موسڵمانانەش دەکەوێت کە لە کۆمەڵگە ئەروپییە پێشکەوتووەکاندا دەژین.

دەبێت ئیسلام شۆڕشێکی ڕۆشنگەرانە لە ناوخۆیدا ئەنجام بدات، وەکی ئەوەی لە سەدەی هەژدە بەدواوە لەناو ئایینی مەسیحیدا ڕووی دا. ئەمە ڕاستییەکەو نکوڵیی لێناکرێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی تاوی سەندووەو پریشکی ئەم ئاگرە بەر ئەو موسڵمانانەش دەکەوێت